# گۆڕانی کولتووری

گۆڕانی کولتووری گۆڕانە لە سیستم و بیرکردنەوەی جۆراوجۆر لە بیروباوەڕ و بەها و پێوەرەکان، بەم واتایە گۆڕانی کولتووری گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەدوادادێت، کە تێگەیستنی گشتی بۆ بواری کۆمەڵایەتی و هزری کۆمەڵگا دەخاتەڕوو. گۆڕانی کولتووری هەموو گۆڕانەکان لەخۆ دەگرێت، کە لە هەر بەشێکی کولتووردا ڕوودەدات، وەک هونەر، زانست، تەکنەلۆجیا و ئەو گۆڕانانەی کە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی
کۆمەڵگادا ڕوودەدەن.
کاتێک تاکەکانی سەر بە کولتوورێک بە هەر هۆکارێک دێنە ناو کولتوورێکی ترەوە، کولتووری هاتوو دەست بە فشارخستنە سەر تایبەتمەندییەکانی کولتووری یەکەم دەکات و هێواش هێواش گۆڕانی بەسەر دادێت، ئەم پرۆسەیە بە لێدانی کولتووری ناو دەبرێت. ئەم ناو لێنانە بەهۆی ئەوەوەیە کە کولتووری نوێ بەشێوەیەکی توند خۆی دەخزێنێتە ناو کولتوورەکەی تر و دووچاری لاوازی و بێتوانایی دەکات ، ئەم لێدانەش زۆربەی جار هۆکارەکەی کۆچکردنە. تاوەکو جیاوازییەکان لەنێوان کولتوورەکاندا زۆرتر بێت هێزی لێدان و بەریەککەوتنەکە زۆرتر دەبێت.
گۆڕانی کولتووری ڕیشەکەی بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە یەکامیان پرۆسەی داهێنان و کەشفکردن، داهێنان وکەشفکردن دەتوانرێت بەشێوەی مەبەستدار یاخود بێمەبەست ئەنجام بدرێت. دووەمیان لە ڕێگای ڕەوتی گوزەرکردنی دیاردەیەکی کولتووری لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر، ئەمەش دەتوانرێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە هاوسێیەتی دوو کۆمەڵگا هاتوچۆی نێوان ئەندامەکانیان یان بە شێوەی نا ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی پرۆسەی کۆچکردن و دەرهاوێشتەکانی جەنگ و ئاکامەکانی.
لە کۆمەڵگای مۆدێرندا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر دیاردەی کولتووریدا ڕووبەڕوو دەبینەوە (باوەڕەکان، بارودۆخەکان، سیمبولەکان.....). کە هەیەک لەم دیاردانە دەتوانێت لە سنووری مێژوویی و جوگرافی تێبپەڕێت و بە کۆمەڵگای دوورەدەست بگات. پرسی سەرەکی لای ئەنترۆپۆلۆجیستەکان ئەوەیە بۆچی هەندێک لە دیاردەکان لە هەندێک کۆمەڵگادا بە خێرایی پێشوازی لێدەکرێت و لە بەرانبەردا هەندێک لە دیاردەکانی تر بەرهەڵستی توند دەکرێن، هەرچەند ئێمە بەرەو ڕووی کۆمەڵگای مۆدێرن بڕۆین بە هۆی پەیوەندی نێوان کولتوورەکان بەهۆی گەشەسەندن و خێرایی گۆڕانی تەکنەلۆجیاوە، ئاستی نوێگەری گۆڕانی کولتووری بە هەمان شێوە زیاتر و فراوانتر دەبێت.
کولتوور هەمیشە لە گۆڕاندایە ، تەنانەت لەناو ئەو کۆمەڵگایانەشدا کە کەمجوڵەن و وەستاو دێنە بەرچاو لەبەرئەوەی نموونە کولتوورییەکانی کۆمەڵگایەک لە شێوازە ڕەفتارییەکان و ڕەگەزە پێکەوە بەستراوەکان پێکهاتووە. گۆڕان لە بەشێکی کولتووردا دەبێتە هۆی گۆڕان و

ململانێ و گوشار لە بەشەکانی تریشدا. کولتووری هیچ کۆمەڵگایەک بە وەستاویی بۆ هەمیشە وەک خۆی نامینێتەوە، سەقامگیریی بۆ ماوەیەکی کاتی لە پەیوەندیدا دروست دەبێت بە هەندێک بنەما و ڕەگەز لە کولتووردا، بەڵام ئەم سەقامگیرییە هەمیشەیی نییە، بەڵکو بە کات و دیاردە کولتووریەکانەوە پەیوەستە، هەر کاتێک پێویستی نوێ و دیاردەی کولتووری نوێ سەریان هەڵدا، گۆڕان لە کولتووردا سەر هەڵدەدات، ئەم بنەمایەش بۆ کولتووری کۆمەڵگای کوردیش ڕاستەو چاوەڕوانکراوە، بەتایبەت گۆڕانە کولتوورییەکان لە چواردەورمان لە جیهانی دەرەوە خێرا و بەرچاون.